بافڵ تاڵەبانی: ئەمە کار بۆ بەدیهێنانی ئەو داهاتووە دەکەین کە مام جەلال خەونی پێوەدەبینی

بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵیادی کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان نوسیویەتی، ئەمڕۆ ئێمە لە کەرکووک بووین، ئەو شارەی سەرۆک مام جەلال بە "قودسی کوردستان" ناوی دەبرد و نازناوی شاری پێکەوەژیانی پێبەخشی، لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆریدا تاوەکو هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە.

حەوت ساڵە لەمەوبەر ئەمڕۆ سەرکردەیەک، باوکێک و نیشتمانپەروەرێکمان لەدەستدا کە ئەویش سەرۆک مام جەلال بوو. قوربانیدان و دیدگای ئەو بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو، دیموکرات و ئاوەدان بەردەوام ئیلهاممان پێدەبەخشێت. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەم هەڵبژاردنە گرنگەش، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەخت لە خزمەت، خۆڕاگری و ئەرکی خۆی بەرامبەر بە گەلەکەمان دەکاتەوە، یەکێتیی ئێستا بەهێزترە و کاری زیاتر دەکات تاوەکو هەموو دەنگێک ببیسترێت و هەموو کەسێک لە خۆشگوزەرانیدا بێت، ئەمە کار بۆ بەدیهێنانی ئەو داهاتووە دەکەین کە سەرۆک مام جەلال خەونی پێوەدەبینی.